



# کاتژمێرێک بۆ چاودێری منداڵان

منداڵان لە جیهانی تەکنەلۆژیای نوێدا پشکی شێریان بەرکەوتووە، تەکنەلۆژیا بە رادەیەك جیهانی منداڵانی تەنیوەتەوە، کە رەنگە لەداهاتوودا کاریگەری نەرێنی زیاتر بێت، ئێستا ئامێری وا بەرهەم هاتووە دەکرێ وەك چاوی سەرپەرشتیارانی منداڵ سەیربکرێت و منداڵان لە هەر شوێنێك بن، بە وردی لە ژێر کۆنترۆڵ و چاوێری دایك و باوکانیان دابن. کاتژمێری منداڵانە یەکێکن لەو ئامێرانەی کە چاودێری وردی منداڵان دەکەن.

کاتژمێری جۆری TickTalk 3 یەکێکە لەو ئامێرانە، ئەم کاتژمێرە سەرەڕای کات نیشاندان، وەك ئامێرێکی پەیوەندی دوو لایەنە سوودی لێوەردەگیردرێت و بەهۆی سیستەمی GPSەوە دایك و باوکان دەزانن لەماڵەوە بزانن منداڵەکانیان لە کوێیە.

ئامێرەکە لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێت، دایك و باوکان چ لەسەر کار بن چ لە ماڵەوە دەتوانن لە هەر شوێنێك بە شێوەی ڤیدیۆیی واتە دەنگ و رەنگ قسە لەگەڵ منداڵەکانیان بکەن. دەتوانن پێکەوە چات و گفتوگۆ بکەن. منداڵەکان خۆیان شوێنی جوگرافی خۆیان بۆ ئەوانەی پەیوەندییان بە کاتژمێرەوەکەوە هەیە بنێرن.

# فەیسبوک شاشەی زیرەک بۆ پەیوەندییەکان بەرهەم دێنێ

فەیسبوك نیازی هەیە هەر لە چوارچێوەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکەیدا نەمێنێ و خەریکی بەرهەمهێنانی ئامێری دیجیتالی وەك مۆبایل و تەبلێت و شاشەی زیرەکیش بێت..


لە ماوەی رابردوودا فەیسبوك دوو شاشەی زیرەکی بە ناوەکانی portal و Portal+ بەرهەم هێنا. شاشە زیرەکەکان بۆ پەیوەندیی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان سوودی لێوەردەگیردرێت، زەینی دەستکردیان تێدایە و کاتێك بەکارهێنەر لە شوێنی خۆیان دەجولێن، کامێراکە بە دوای بەکارهێنەرەکەیدا دەسوڕێت، هەرچەند ئەو تایبەتمەندییە بۆتە هۆی جێی رەخنەی پسپۆرانی بواری ئەمنییەتی.



شاشەی پورتاڵ پلەس، گەورەترە و شاشەکەی زیاتر لە ١٥ ئینجە. بەڵام پورتاڵ شاشەکەی ١٠ ئینجە. بەکارهێنەران دەتوانن لەکاتی پەیوەندییە ڤیدیۆییەکانیان دا دیمەنەکان بگۆڕن. هەردوو شاشەکە کامێرای ١٢ میگاپیسکلیان لەسەرە. هەروەك ئاماژەمان پێدا بە گۆشەی ١٤٠ پلە بە دەوری خۆیاندا دەسوڕێن. هەردوو شاشەکە زیاتر بۆ مسەنجەری ڤیدیۆیی فەیسبوك سوودی لێدەبیندرێ، لەگەڵ سیستەمی دەنگی ئامازۆنیش دەگونجێن. شاشەکە جگە لە پەیوەندی دەکرێت وەك ریمۆت کۆنترۆڵی ئامێرەکانیش سوودی لێوەربگیردرێت. بەکارهێنەران دەتوانن بۆ چالاك بوونی شاشەکە وشەی «هێی پورتاڵ» بەکار بێنن.



# شاشەیەک بۆ کۆنترۆڵی فڕۆکە بچووکەکان



فڕۆکە بچووکەکان لەم سەردەمەدا ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن بەتایبەتی بۆ کاروباری تایبەت بە فیلم هەڵگرتنەوە و ستۆدیۆی سینەمایی و تەلەڤزیۆنەکان.

زۆربەی فڕۆکە بچووکەکان بە مۆبایل کۆنترۆڵ دەکرێن و بەهۆی ئاپێکەوە دەکرێت لەسەر مۆبایل کۆنترۆڵی بکەی، بەڵام شاشەی جۆری DJI Crys-talSky تایبەتە بە کۆنترۆڵی فڕۆکە بچووکەکان، ئەم شاشەیە لە مۆبایلێك گەورەترە و باشتر کۆنترۆڵ دەکات ئەو دیمەنانەی کە فڕۆکەکە دەیانگرێت لەسەر شاشەکە چەند بەرابەری مۆبایل گەشتر ڕوونتر دەردەکەون.

شاشەکە خۆی سیستەمی ئەندرۆیدی لەسەرە و ڕاستەوخۆ پرۆگرامی DJI GOی لەسەرە و بۆ فڕۆکە بچووکەکانی DJI داندراوە. گشت ئەو فیلمانەی بە کامێرای فڕۆکە بچووەکان دەگیردرێن ڕاستەوخۆ هەر لەو مۆنیتۆرەوە بۆ کۆمپیوتەر یا بۆ هەر شوێنێکی دیکە دەگوازرێنەوە.

ئەم شاشەیە بەهۆی کێبڵی HDMI ڕاستەوخۆ بە پرۆژکتۆر، تەلەڤزیۆن و مۆنتیۆری دیکە پەیوەند دەدرێت.

# ئاپێکی مۆبایل بۆ تەندروستی

ئەپلکەیشن و پرۆگرامەکانی مۆبایل زۆر ئەرك و کار ئەنجام دەدەن، بەتایبەتی لە بواری تەندروستی و چاودێری سەلامەتی بەکارهێنەرەکەیدا. یەکێك لە ئاپە سەرکەوتووەکانی ئەم بوارە کە بە وردی چالاکی جەستەیی بەکارهێنەرەکەی دەخاتە چاودێرییەوە. Pacerە. ئەو ئاپە هەموو جوڵەیەکی بەکارهێنەرەکەی بەتایبەتی ئەوانەی تایبەتن بە وەرزش و خۆ لاوازکردن دەخاتە ژێر چاوەدێری، هەنگاوەکان دەژمێرێ، دەکرێت جۆری چالاکییەکەت بۆ هاوڕێیانت لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بنێری. لە بەشی سەرەکی پرۆگرامە، ڕێژەی هەنگاوە ڕۆیشتووەکان، وزەی سووتێندراو، مەودا و کاتی ڕۆیشتن، ڕادەی پێشکەوتن و بەسەرنجدان بەو مەبەستەی دیاریت کردووە، بۆ نموونە وات داناوە کە لە ماوەی ۳ مانگدا ١٥ کیلۆ کێشت دابەزێنی، لە ئاپەکەدا پێت دەڵێ تا چ ڕادەیەك لەمەبەستەکەت نزیك بوویەتەوە، لە خوارەوەشدا بە ئینفۆگرافیك جۆی چالاکییەکانت نیشان دەدات و دەکرێت کێش و زەختی خوێن و چالاکییە جۆربەجۆرەکانی وەرزشی، وەك پیادە ڕۆیشتن، مەلەکردن، پایسکل لێخوڕین..تاد دەدرێت. ئەگەر سیستەمی GPSیش هەڵبژێری، دەتوانی لە نەخشەدا شوێنی خۆت ببینی.

ئەگەر هێڵی ئینتەرنێتیش هەبێت دەتوانی ڤیدیۆیی ڕاهێنانی وەرزشی کە لەو پرۆگرامەدایە سەیر بکەی.



# تیشک دەرمانی داهێنانێک لە پزیشکیدا

چارەسەرکردنی نەخۆشی بە هۆی تیشك و رووناکییەوە داهێنانێکی نوێیە لە زانستی پزیشکیدا، رەنگە لە پێشووتریشدا ئەم شێوازە لە چارەسەرکردن هەبوبێت، بەڵام ئێستا بەرفرەتر بووە. لەم ماوەیەدا ئامێرێك بەرهەم هاتووە کە بە OMEGA Light ناسراوە. ئامێرەکە خاوەنی چەند جۆرە تیشکە، هەرکام لەو تیشکانە بۆ مەبەست و چارەسەرییەکی تایبەت بەکاردەهێنرێن.. خودی ئامێرەکە بە گشتی بۆ چارەسەری نەخۆشیەکانی پێست بەکاردێت.

تیشکی سوور Red light درێژەی شەپۆلەکەی ٦٠ ملمە. ئەم تیشکە وەك لەیزەرێك دەچێت، ئامانجی لەناوبردنی چارەسەرکردنی خانەکانی ژێر پێستە و ئەو خانانەی جوڵەیان کەمە جارێکی دیکە وە جوڵە دەخاتەوە و بەکتریاکان لەناو دەبات و پێست زیندوو دەکاتەوە. سوڕانی خوێن خێرا دەکات، برینی زیبکەکان ناهێڵێ و ئازار کەم دەکاتەوە.

تیشکی شین blue light مەودای شەپۆلەکەی ٤٢٣ ملمە. ئوکسیژن بەرهەم دێنێ، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی بەکتریاکان لە پێستدا نەمێنن، پێست خاوێن دەکاتەوە. بەرگری لە تەشەنەکردنی برین دەگرێ.

تیشکی سەوز green light مەودای شەپۆلەکەی ٥٣٢ ملمە. تیشکی سەوز دەبێتەهۆی ئەوەی خاڵە سوورەکانی سەر پێست لابەرێ، بە تێپەڕبوونی کات پەڵە و خاڵەکانی سەر پێست رەنگێکی نوێ بەخۆوە دەگرن و دواتر هەر نامێنن.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**بەڕێزێك دەپرسێت، چۆن دەکرێت لە نووسیندا نیو مەودا (نیو سپەیس) بنووسم، مەبەستم ئەوەیە کە کاتێك وشەیەکانی (بێ هێز و دڵ شاد و رێك و پێك...) بنووسم بەبێ لێك جیا بکرێنەوە، بەڵام مەودایەکی کەمیان هەبێ و پێکیش وەنووسێن؟**


خوێنەری بەڕێز ئەم کێشەیە بۆ زمانەکانی دیکەش هەیە، واتە نیازت هەیە وشەیەك بنووسی هەم پێکەوەنەنووسێ و هەم مەوداشی زۆر نەبێ و ببێتە دوو وشە.. لە ئۆفیسی wordی مایکرۆسۆفت ئەم تایبەتمەندییە هەیە و بە ئاسانی دەتوانی ئەنجامی بدەی، دوای نووسینی وشەی یەکەم دوگمەی ctrl و shift دابگرە لەگەڵ ژمارە ٢ واتە ئەو سێ دوگمە پێکەوە دابگرە.. بۆ نموونە هەمان نموونەکانی خۆتت بۆ دەنووسمەوە (بێ‌هێز، دڵ‌شاد، رێك‌وپێك).. کاتێك ئەمە دەنووسی ئەگەر بابەتەکەت بۆ پرۆگرامێکی دیکەی وەك ئیندزاین یان بۆ ئیمێل و چاتیش بنێری کێشەت بۆ نایەتە پێش.

# پاوەربانکی سۆلۆڤ کاریگەر و سەرنج راکێش




پاوەر بانك، واتە دانگەی وزە بۆ ئامێرە دیجیتالییەکانی وەك مۆبایل و لاپتۆپ و کامێرا و..تاد. گرنگی خۆی هەیە. بەتایبەتی بۆ ئەو شوێنانەی کە هیچ دەستت بە سەرچاوەی وزە راناگا. «شیائۆمی» لەم ماوەیەدا پاوەربانکێکی بچووکی بەرهەم هێناوە کە لەیەك کاتدا دەکرێت سێ ئامێر پێکەوە سوودی لێوەربگرن. پاوەربانکی so-love (سۆلۆڤ) تەنیا ٩٠ ملم لە ٨٠ ملم دایە و بارستایەکەشی ٢٦ ملمە. کێشی تەنیا ٢٣٤ گرامە، هێزی وزەکەی دە هەزار میلی ئامپێرە. ستایلەکەی ناوازەیە. شوێنی دوو USB هەیە. هەروەها شوێنی مینی USBیشی هەیە و لە کاتی پێویستدا دەکرێت سێ ئامێر پێکەوە سوودی لێوەربگرن و دوو رەنگی رەش و خۆڵەمێشی هەیە.

# لاپتۆپ یا کۆمپ



لاپتۆپ و دیسکتۆپ هەردوو وشەکە بە مانای کۆمپیوتەر دێت، یەکەمیان کۆمپیوتەرێکی گوازراو واتە ئەو کۆمپیوتەرەی کە هەڵگرتنی ئاسانە و وزە لە باتری وەردەگرێ و بۆ گەشت دەکرێ لەگەڵ خۆتی بەری. دیسکتۆپ واتە کۆمپیوتەری سەرمێز بەو مانایەی کە ناکرێت لەسەر مێزەکە جیا بکرێتەوە و وزە لە کارەبا وەردەگرێت.. کۆمپیوتەری دیسکتۆپ هەمیشە قەوارە و تواناییان






## ماڵپەڕێک بۆ دروستکردنی فلۆچارت و ئینفۆگرافیک

فلۆچارت و ئینفۆگرافیك بۆ روونکردنەوە لە سیمنار و کۆڕوکۆنفرانسەکاندا، یان بۆ روونکردنەوە لەسەر تیقی بۆ لەسەر مەبەستێکی تایبەت، یان بۆ نیشاندان بەشێوەی داتاشۆ لەلایەن مامۆستایانی زانکۆ...تاد. گرنگی خۆی هەیە. فلۆچارت و ئینفۆگرافیك بە پرۆگرامی تایبەت بەخۆیان دروست دەکرێن کە هەمیشە لە کۆمپیوتەردا لەبەردەستدا نین، بەڵام ئەگەر بتهەوێ بەبێ پرۆگرامیش ئەمانە دروست بکەن، ئەوە سەر لەماڵپەڕی.lucidchart.com/ بدەن. لەم ماڵپەڕەدا زۆربەی ئەو ئامرازانەی تایبەتن بە دروستکردنی ئینفۆگرافیك لەبەردەستدان. هەرچەندە هەموو بەشەکانی ماڵپەڕەکە بە خۆڕایی نین، بەڵام لە بەشی خۆڕایشدا دەکرێت ئینفۆگرافیکی سادە، کە پێکهاتبێ لە فلەش و بۆکس و تەقی سادە دروست دەکرێت، پاشان بە فۆرماتی جۆراوجۆر خەزن دەکرێن.

# پرۆگرامێکی سەرکەوتوو لە بواری نەخشەسازی بینادا

ئەوانەی شارەزای بواری بیناسازین بەتایبەتی قوتابیانی زانکۆ و ئەندازیارانی ئاوەدانکردنەوە و بیناسازی، بە دڵنیاییەوە پرۆگرامی Architecture دەناسن و کاریان پێکردووە، بەڵام بۆ ئەوانەی شارەزای ئەم پرۆگرامە نین دەکرێ بە کورتی پرۆگرامەکە بناسێنین: ئەم پرۆگرامە یەکێکە لە پرۆگرامە سەرکەوتووەکانی کۆمپانیای Autodesk. پرۆگرامەکە بۆ دیزاین و نەخشەسازی بواری بیناسازی بەکاردێت. لە پرۆگرامەکەدا ئەوەی پێویستە لەو بوارەی ئاماژەمان پێکرد تێیدا هەیە، وەك دیزاینی دیکۆری ناو بینا، هەروەها دەرەوەی بینا.

پرۆگرامەکە دەتوانێت پرۆژەکان لە سەرەتاوە تا کۆتایی دروست بکات و وێنە و نمایەکی تەواو لە خودی پرۆژەکە دەخاتە بەردەستتان.



## یوتەرێکی مەزن

لە کۆمپیوتەری لاپتۆپ باشترە و بەهێزترن..

کۆمپانیای Acer لەم دواییەدا لاپتۆپێکی مەزن لە قەوارە و کێش و تواناادا بەرهەم هێنا کە بە جۆری predator helios 700 ناسراوە. لاپتۆپەکە زیاتر بۆ یارییە قورسەکان و ئەرکی گرافیکی بەکار دێت، یەکەمین لاپتۆپە کە کیبۆردەکەی لە شوێنی خۆی دەجوڵێت و حاڵەتێکی سلایدی هەیە. پرۆسیسەری نەوەی 9ی لەسەرە و بە corei9 ناسراوە. بەهێزترین کارتی شاشەی بۆ دانراوە و ٦٤ گیگابایتە.

شاشەی لاپتۆپەکە ١٧ ئینجە و کوالیتی نیشاندانی 4kیە. سیستەمی دەنگی داڵبی لەسەرە. جوڵەی کیبۆردەکە بۆ لای پێش و پشتەوە، تەنیا تایبەتمەندییەکی ئۆرگۆنۆمی نییە بگرە بەهۆی ئەو پانکەی لە پشت کیبۆردەکەدان دەکرێت لاپتۆپەکە سارد بکرێتەوە.